# رێنمایی ژمارە / ٢ ساڵی ٢٠٠٠

دامەزرانـــدی پـــرۆژەی بـــە خێـــوکردن و قەڵـــەو کردنـــی ئاژەڵـــە کاوێـــژکارەکان و دانی مۆڵەت .

**مادەی یەکەم :**

ئەم وشانەی خوارەوە ئەو واتانەی بەرامبەریان دەگرێتە خۆی :٠٠

١. وەزیر : وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری .

٢. بەرێوەبەری گشتی : بەرێوەبەری گشتی بەیتەرەو سامانی ئاژەڵ .

٣. بەرێوەبەرایەتی گشتی : بەرێوەبەرایەتی گشتی بەیتەرەو سامانی ئاژەڵ .

**مادەی دووەم :**

ڕەچاوکردنی ئەم مەرجانەی خوارەوە :٠٠

١. داواکاری لە لایەن هاووڵاتی پێشکەش دەکرێت بۆ بەرێوەبەرایەتی بەیتـەرەو سـامانی ئـاژەڵ لە پارێزگاکان بۆ دامەزرانـدنی پـرۆژەو لـە گـەڵ داواکاریەکـە وێنەیـەك لـە شـوێنەکە هـاوپێچ دەکرێت ، کە پرۆژەکەی لە سەر دروست دەکرێت بە مەرجێك پشتگیری کرابێت لە لایەن بـە رێوەبەرایەتی زەوی‌و زارو دیاری کردنی جۆری پرۆژەکە بۆ بە خێوکردنی چێڵی شیردەر یان بۆ بە خێوکردنی مەڕ یان بزن یان قەڵەو کردنی گۆلك یان بەرخ .

٢. گرێ بەسـتی کرێـی زەوی ئەگـەر هـاتوو زەویەکـە بـە کـرێ بـوو یـان وێنەیـەك لـە تـاپۆی زەوییەکە ئەگر هاتوو زەویەکە (ملك) بـوو و ئـەبێ بـە نـاوی داواکارەکـەوە بێـت و هـەروەها ڕەزامەندی شەریکەکانی وەربگیرێت ئەگەر شەریکی هەبوو .

٣. لـە بەرئـەوەی هاووڵاتیـانی هەنـدێ ناوچـە (صـورە قیـد) (تـاپۆ) یـان گرێبەنـدی کرێـی زەوی‌یـان نیـەو بـۆ ئـەوەی بتـوانرێ پـشت ببەسـتن بـە فەرمانگـەکانی کـارگێری و لـە گـەڵ فەرمانگـە کـشتوکاڵیەکان و ئـەم پـشتگیریە دەبێـت بـاوەڕی پـێ بکرێـت وەکـو (صورە قید) بۆ جـێ بەجـــــێ کردنی پـــــرۆژە لە سەر ئـــەو ئەرزە .

٤. بــــەڵێنی پەســـــند كــــراو لــــە لایــــەن (كـــــــــاتب عـــدل) كــــەوا خـــــــــاوەن پرۆژەكــــە لــــە هــــیچ فەرمانگەیـــەكی حكومەتـــدا فەرمانبـــەر نیـیـــە و هـــــەروەها تەمـــــەنی ١٨ ســـــاڵ كـــــەمتر نیـــــەو ئـــــەبێ ئیلتزامـــــی تـــــەواوی بـــــە هــــــەموو ڕێنماییەكان هەبێت ، كەوا پەیوەندی بە پرۆژەكەوە هەیە .

**ماددەی سێ یەم :**

ڕەچاوكردنی ئەم مەرجە هونەریانەی خوارەوە :..

١. ڕووبەری كشتوكاڵی داواكراو بۆ چاندنی ئالیكی سەوز .

| | | |
|---|---|---|
| پڕۆژەی بەخێوكردنی چێڵی شیردەر | یەك دۆنم | بۆ هەر ٥ سەر |
| پڕۆژەی بەخێوكرننیمەڕ یان بزن | یەك دۆنم | بۆ هەر ٢٠ سەر |
| پڕۆژەی قەڵەو كردنی گوڵك | یەك دۆنم | بۆ هەر ١٠ سەر |
| پڕۆژەی قەڵەو كردنی بەرخ | یەك دۆنم | بۆ هەر ٤٠ سەر |

٢. دروســـت كردنـــی تەویلـــەی ســـاكار و لـــە كەرەســـتەی نـــاوەخۆیی و ڕەچـــاوكردنی چـــۆنیەتی دەرچوونی ئاو و پیسایی ئەبێ ڕووبەری بەم جۆرەی خوارەوە بێت .

| | | |
|---|---|---|
| پرۆژەی بەخێوكردنی چێڵی شیردەر | ڕووبەری داپۆشراو ٣م٢ چێڵێك | كراوە ٦ م٢ چێڵێك |
| پرۆژەی بەخێوكردنی مەڕ یان بزن | ڕووبەری داپۆشراو ١,٥ م٢بۆ یەك سەر | كراوە ٣م٢ |
| پرۆژەی قەڵەو كردنی گوڵك دابەستان | ڕووبەری داپۆشراو ٢م٢ یەك سەر | كراوە ٤م٢ |
| پرۆژەی قەڵەوكردنی بەرخ دابەستان | ڕووبەری ١,٥ م٢ یەك سەر | كراوە ١م٢ |

٣.كەمترین ڕووبەری كشتوكاڵی بۆ چاندنی بەرووبومی ئالیكی (٢ دۆنم بێت)و

ئەمـــەش کـــەمترین ڕووبـــەری کـــشتوکاڵی یـــە بـــۆ پـــرۆژەی کاوێـــژکارەکان بـــەم شـــێوەیەی خوارەوە دەبێت .

| | |
|---|---|
| پرۆژەی بەخێوکردنی چێڵی شیردەر | ١٠ سەر |
| پرۆژەی بەخێوکردنی مەڕ یان بزن | ٤٠ سەر |
| پرۆژەی قەڵەو کردنی گۆلك دابەستان | ٢٠ سەر |
| پرۆژەی قەڵەو کردنی بەرخ دابەستان | ٨٠ سەر |

٤ وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی ئـەم فەرمانگانـەی خـوارەوە بـۆ ئـەوەی کارنەکاتـە سـەر پرۆژەکـان و ڕێنماییـەکان ، ژینگـەی مرۆڤایـەتی ، ڕێگـاو بـان ، شـارەوانی ، شـوێنەوار ، گەشـت و گـوزار ، ئاودێری و بەنداوەکان ، کارەبا ، گواستنەوە و گەیاندن ، نەوت و کانزاکان .

**وەزیری کشتوکاڵ و ئاودێری**

# ڕێنمایی ژمارە / ٣ ساڵی ٢٠٠٠

# دامەزراندنی پڕۆژەی گۆشت و مۆڵەت دانی :٠٠

بـە پێـی ئـەو دەسـەلاتەی پێمـان دراوە لـە یاسـای وەزارەتـی کـشتوکاڵ و ئـاودێری ژمـارە / ١٠ سـاڵی ١٩٩٢ وە بـۆ ڕێکخـستن و پەرەپێـدانی پـرۆژەی گۆشـت و مۆڵـەت دان بـەو کەسـانەی دەیانـەوێ ئـەم پڕۆژانـە جێبـەجێ بکـەن وە بـۆ ئاسـان کـاری ئـیش و کـاری ئـەم پرۆژەکاریە ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد :٠٠

**ماددەی یەکەم :٠٠**